www.kurdistannet.org
10:19 16-2-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوا ئەو ڕۆژە ... شێخ شەریف

زۆر لەمێژەئەم حەزەی من هەر هەناسەهەڵکێشانە
بۆهەر شوێنی پێ هەڵئەگری هەر دەم چاوی لەدووتانە
بەتەنها لەم گەردوونەهەر خۆیەتی کەبێ کەسە
هێندەدڵیشی بێ عارەهەرگیزناڵێ ئیتر بەسە
ئەوینێکی زۆرسەرکەشەهەربەهیوای تێک ئاڵانە
کێشت بکاو ڕات بژەنێ لەو لانکەیەی تۆی خاوەنە
شەوی گەلێلاپیرۆزەلەڕەشی چاوانت ئەچێ
سەبری درکاندنی رازیش ساتی هاتووەلەدەست دەرچێ
تۆش هێندەنازمەکەبەسەرعەشقی بەسەسزمانا
هاکەپردی تەحەمولیش رووخا بەسەرهەردووکمانا
زەمەنیکەمن بەهیوام بەسەنگمەوەبتنووسێنم
بەستەڵەکی ووشەکانی سەرزمانم لەنیو رۆحتا بشکێنم
گەردەستەملانی شیعرم بیت باسکی بۆئەکەیتەسەرین
بسکی سیات دێنیت بۆ ووشەکان بێتەپەرژین
شیعر تەنها بۆ تۆ ئەڵێم باخوێنەریشی هەر تۆبیت
بەم کەلاوەیەی دڵی شێخ ڕۆژێک ئەبێت کەرازی بیت

٢٠٠٦.٠٢.١٠